ڕۆڵی ئافرەت لە پاراستنی ئاسایشی وڵات

# ئافرەتان لە بەرەنگاربوونەوەی داعشدا پشکی شێریان بەردەکەوێ



گوڵان: کۆمەڵایەتی

پێشمەرگە لەدژی دوژمنێکی دڕندەو داگیرکەر لەسەنگەردایەو گیان لەسەر دەست لە خاکی کورد رایاندەماڵن. سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەو تێکشکاندنی تیرۆریستان و پابەندبوون بە بەهاکانی مرۆڤایەتی و بەچۆکدانەهاتن لەبەرامبەر ستەم و ستەمکاریدا، ناوی پێشمەرگەی لەئاستی جیهانیدا خۆشەویست و رێزدار کردووە. راستە زۆربەی زۆری پێشمەرگەکانی کورد پیاون، بەڵام ژمارەی ئافرەتانی پێشمەرگەش کەم نییە کە جگە لەوەی بەشداری لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەکەن، هاوکات لە ماڵەوە پاراستنی ماڵ و منداڵیان لەئەستۆ گرتووە. بە درێژایی مێژووی کوردیش ئافرەتانی کورد سمبولی ئاشتی و ئارامی و ئازایەتی بوون و لە زیندان و سەنگەر و رێکخستنەکاندا ژنان کۆڵەکەیەکی خەبات و تێکۆشان بوون، هەموو ئەمانەش دەرخەری ئەو راستییەن کە ئافرەتانی کورد لە یەک بواردا پێشەنگ نین، بەڵکو لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا سەرمەشقن و تەنانەت لەبنبڕکردنی هزری داعشیشدا پشکی شێریان بەردەکەوی. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.





**ئامینە رەمەزان:**

**ئەركی من كەمتر نییە لە هی هاوسەرەكەم، چونكە وەكو پۆلیسێكی وەزارەتی ناوخۆ بەردەوامم لە كارو ئەركی خۆم و تەواوی ئەرک و كارەكانی ماڵ و منداڵیشم لەئەستۆیە**



**رائید نەوزاد فەتاح:**

**هەرچەند ستایشی ئافرەتی كوردی زەحمەتكێش بكەین، هێشتا كەمە، چونكە پاڵپشت و هاوكاری پێشمەرگە بوون و شان بەشان باوک و برا و هاوسەریان قوربانییان بۆ گەل و نیشتمان داوە**

«سڵاو لەگیانی پاكی شەهیدانی كوردو كوردستان. من سەربەرزم كە هاوسەری پێشمەرگەیەكم و ئێستا لە بەرەكانی جەنگدایە، هاوكات كچی پێشمەرگەیەكی دێرینی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانم، خوشكی سێ پێشمەرگەم كە ئێستا لە بەرەكانی پێشەوەی شەڕی داعشن، هەروەها شازدە لە ئاموزایەكانم پێشمەرگەن و ئێستا لە سەنگەرەكانن، من لە خانەوادەیەكی شۆڕشگێڕ و خەباتكاری رێگای رزگاریخوازی كوردستان هاتوومەتە دنیاو هەتا ماوین هەر لە سەر ئەو رێبازە بەردەوام دەبین، ئەمڕۆ رۆژی گیانفیدایییە بۆ خاك و نیشتمان.» ئەوە قسەی ئامینە رەمەزان بوو. ئەو خاتوونە وەك هاوسەری پێشمەرگەیەك لە درێژەی قسەكانیدا گوتی: «هەرچەند ئەركی من كەمتر نییە لە هی هاوسەرەكەم، چونكە وەكو پۆلیسێكی وەزارەتی ناوخۆ بەردەوامم لە كارو ئەركی خۆم و تەواوی ئەرك و كارەكانی ماڵ و منداڵیشم لەئەستۆیەو رۆژانە پێوەندیی بە هاوسەرەكەمەوە دەكەم و لە هەموو شتێك دڵنیای دەكەمەوە كە هیچ خەمی ماڵەوەی نەبێت، تاكو لەسەنگەر دڵخۆش و ورەبەرز بێت. زۆرجار هانی دەدەم و پێی دەڵێم خوزگەم بەخۆت، ئەركەكەت زۆر پیرۆزەو هەموو ئەو رۆژانە دەنووسمەوە تاكو قارەمانیەتییەكانت هەرگیز لە بیرمان نەچێت وەكو یادگاریی بۆ نەوەی داهاتوومان دەیگێڕینەوە . لە ئێستادا ژیان و بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵ زۆر سەختەو قەیرانی دارایی ژیانی زۆر سەختتر كردووە، بۆیە جگە لە بەڕێوەبردنی ئەركی ئیداری و ماڵەوە، كاری دروومانیش دەكەم، تاكو پێداویستییەكانی منداڵەكانم دابین بكەم و لە خوێندن بەردەوام بن و هەست بە هیچ كەموكوڕییەك نەكەن.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا كە ئەگەر ئەركی ماڵ و منداڵ نەبێت، تا چەند ئامادەی شانبەشانی هاوسەرەكەی بچێتە سەنگەر؟ ئامینە رەمەزان گوتی: «من چ وەكو كارمەندێكی حكوومی، یاخود كادیرێكی حزبی یاخود وەكو هاووڵاتییەكی خۆبەخش هەمیشە ئامادەم بۆ بەرەكانی جەنگ بۆ ئەوەی شانبەشانی هاوسەرەكەم و برا پێشمەرگەكانم خزمەت بە خاك و نیشتمان بكەم. كاتێك كچێك دەبینم لە بەرەكانی جەنگدایە، دوعای سەركەوتنی بۆ دەكەم، زۆر پێی سەربەرزم كە كچانی وڵاتەكەمان خاوەنی ئەو جورئەتەن هاوشێوەی براكانیان بۆ سەربەخۆیی دەجەنگن، پێیان دەڵێم ئەركتان زۆر پیرۆزەو بەنسیبی هەموو كەسێك نابێت.» گوتیشی: «لە رێگای ناوچەو رێكخراوەكانەوە چەندین جار داوام كردووە هەر كاتێك پێویست بێت، ئامادەین بۆ بەرگریكردن لە خاك و نیشتمانی خۆمان گیان ببەخشین.»

رائید نەوزاد فەتاح قادر، لە لیوای پێنج - فەوجی سێ، سەبارەت بە هەمان پرس تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «هەر لە سەرەتای دروستبوونی شۆڕشە یەك لەدوای یەكەكانی كوردەوە ئافرەت ئەستێرەیەكی گەش بووە لە ئاسمانی ئەو شۆڕشانەو هەرچەند ستایشی ئافرەتی كوردی زەحمەتكێش بكەین، هێشتا كەمە، چونكە پاڵپشت و هاوكاری پێشمەرگە بوون و شان بەشان باوك و برا و هاوسەریان قوربانییان بۆ گەل و نیشتمان داوە، بۆیە ستایش و بەرزنرخاندنی رۆڵی ئافرەت ئەركێكە لە ئەستۆی هەمووماندایە و ناكرێ فەرامۆش بكرێت. من وەك نمونەیەكی زیندوو ئاماژە بە رۆڵی هاوسەرەكەم دەكەم و وەكو ئەفسەر و پێشمەرگەیەكی ئەم كوردستانە شانازی بە رۆڵی هاوسەرەكەم دەكەم و بەسەربەرزی دەزانم بۆ ئەو هەموو خەمخۆرییەی بۆ پاراستنی ئەم نیشتمانە، ئەو وەك هاوسەنگەرێكم هەمیشە لەگەڵمدا بووە. هاوسەرەكەم هەمیشە



وره‌ی پۆڵایینی پێ به‌خشیوم، ئه‌گه‌ر به‌جه‌سته‌ش له‌گه‌ڵم نه‌بووبێ، به‌دڵ و به‌فکرو به‌نزاکانی بۆ سه‌رکه‌وتنه‌کانی پێشمه‌رگه هه‌نگاو به هه‌نگاو له‌گه‌ڵم بووه، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی که هاوسه‌رم کادرێکی پێشکه‌وتووی حزبه‌و له بواری سیاسه‌تدا کارده‌کات، سه‌ره‌ڕای سه‌رقاڵبوونی به به‌ڕێوه‌بردنی ماڵ و منداڵ، هاوکاری هه‌میشه‌ییم بووه، بۆیه ده‌توانم ئه‌و شه‌ره‌فه گه‌وره‌یه‌ی پێ ببه‌خشم و به پێشمه‌رگه ناوی ببه‌م، بژی کورد. بژی کوردستان. بۆ پێشه‌وه به‌ره‌و کوردستانێکی سه‌ربه‌خۆ.»


فه‌وزیه یه‌حیا هاوسه‌ری پێشمه‌رگه‌یه‌کی گیانفیدایه که له به‌ره‌کانی شه‌ڕ دژ به دوژمنی داگیرکه‌ر ده‌جه‌نگێت و دڵخۆشی خۆی له‌وه ده‌رده‌بڕێ که هاوسه‌ره‌که‌ی پێشمه‌رگه‌یه‌و وڵاته‌که‌ی ده‌پارێزێت.

هه‌ر له‌وباریه‌وه گوتی: «وێڕای هاندانم هه‌میشه یارمه‌تیی هاوسه‌ره‌که‌م داوه، ئه‌گه‌ر ئه‌رکی ماڵ و منداڵیش نه‌بێ، ئاماده‌م له‌گه‌ڵیدا بچمه سه‌نگه‌ر و شه‌ڕی تیرۆریستان بکه‌م. سه‌رۆکمان هه‌میشه خۆی به پێشمه‌رگه ده‌زانێ، له خوای گه‌وره داواکارم ته‌مه‌نی سه‌رۆك و پێشمه‌رگه‌کان درێژبکات. ئه‌گه‌ر ئه‌وان نه‌بن وه‌ته‌ن بێکه‌س ده‌بێ.»

فه‌وزیه که هاوسه‌ری پێشمه‌رگه‌یه‌که به بزه‌یه‌کی پڕ له نیشتمانپه‌روه‌ری ده‌ڵێت: «سه‌ربه‌رزم به‌وه‌ی پیاوه‌که‌م پێشمه‌رگه‌یه، چونکه ئه‌و شه‌ره‌فه به هه‌موو که‌س نادرێ و هه‌موو که‌سیش ئه‌و باره قورسه‌ی پێ هه‌ڵناگیرێت ئاماده‌م ئه‌رکه قورسه‌کانیشم ئه‌نجام بده‌م تاکو ئه‌و خه‌می ماڵه‌وه‌ی نه‌بێ، ئاماده‌شم له‌گه‌ڵیدا بچمه سه‌نگه‌ره‌کانی پێشه‌وه‌و خزمه‌ت بکه‌م، داواکاریشم چه‌کی پێویست دابین بکرێت بۆ پێشمه‌رگه‌کان تاکو بتوانن به گیانێکی سه‌لامه‌ت، وڵات به سه‌لامه‌تی و پارێزراوی بهێڵنه‌وه.»


له‌لایه‌کی دیکه‌وه موقه‌ده‌م ستار چۆچانی هێما بۆ ئه‌وه ده‌کات که: ئه‌گه‌رچی ژن له هه‌موو جه‌نگێکدا قوربانییه، هاوکات بوێرانه به‌شداریی کارای له پاراستنی ئه‌من و ئاسایشی وڵات هه‌بووه، ژنانێك شانبه‌شانی برا پێشمه‌رگه‌کان چه‌کیان کردۆته شان و دژ به دوژمنانی کورد ده‌جه‌نگن، ئه‌وانه‌ش که له سه‌نگه‌ر نین، به شێوه‌یه‌کی ناڕاسته‌وخۆ له‌م پرۆسه‌یه به‌شدارن، ژنانێك له جه‌نگدا هاوسه‌ره‌کانیان شه‌هید ده‌بن و ئه‌رکی به‌خێوکردنی منداڵه‌کانیان و به‌ڕێوه‌بردنی ماڵه‌کانیان له‌ئه‌ستۆ ده‌گرن، ژنانێك به درێژایی ماوه‌ی جه‌نگ هاوسه‌ره‌کانیان له به‌ره‌ی جه‌نگن و دیسان ئه‌رکی به‌ڕێوه‌بردنی ماڵ و به‌خێوکردنی منداڵ ده‌که‌وێته ئه‌ستۆیان. گوتیشی: «زیاتر له دوو ساڵه گرووپی تیرۆریستی داعش شه‌ڕی به‌رپاکردووه و پێشمه‌رگه له ئه‌رکی پاراستنی نیشتماندان، به درێژایی ئه‌و ساڵانه هاوسه‌ری پێشمه‌رگه ئه‌رکی سه‌ختیان له‌سه‌رشان بووه، هاوسه‌ری پێشمه‌رگه‌کان وێڕای بارودۆخی دارایی هه‌رێمی کوردستان و سه‌ره‌ڕای دڵه‌ڕاوکێ و نیگه‌رانییان بۆ گیانی هاوسه‌ریان ده‌بێ





**د. زوبه‌یدا سه‌یدساڵح:**

**کۆمه‌ڵگه ناتوانێ به‌سه‌ر هیچ کێشه‌یه‌کدا زاڵ بێت، یان له بوارێکدا سه‌رکه‌وتن به‌ده‌ست بهێنێ، ئه‌گه‌ر ڕه‌گه‌زی مێ له ڕووی هزری و فیزیکییه‌وه له‌گه‌ڵ پیاو هاوته‌ریب نه‌بێت**



**سامان عومه‌ر:**

**ئافره‌ت وه‌ک تاک که به‌شداره له‌هه‌موو بواره‌کانی ژیان و چالاکییه‌کان، ستوونی ئاسایشه‌و هه‌موو جومگه‌کان له‌خۆده‌گرێت. ده‌رئه‌نجام نه‌خشه‌ی دابینکردن و په‌ره‌پیدانی به‌رژه‌وه‌ندی باڵاو نه‌ته‌وه‌یی پێکده‌هێنێت**



**فەوزیە یەحیا :**

**سەربەرزم بەوەی پیاوەکەم پێشمەرگەیە، چونکە ئەو شەرەفە بە هەموو کەس نادرێ و هەموو کەسیش ئەو بارە قورسەی پێ هەڵناگیرێت ئامادەم ئەرکە قورسەکانیشم ئەنجام بدەم**



**موقەدەم ستار چوچانی :**

**ژنانێک شانبەشانی برا پێشمەرگەکان چەکیان کردۆتە شان و دژ بە دوژمنانی کورد دەجەنگن، ئەوانەش کە لە سەنگەر نین، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەم پرۆسەیە بەشدارن**

ڕۆڵی دایك و باوك بۆ منداڵەکانیان بگێڕن، بۆیە دەکرێ و پێویستیشە هاوشانی پێشمەرگە ستایشی هاوسەرەکانیشیان بکرێت و ڕۆڵیان لەبەر چاو بگیرێت، کە بە شێوەیەکی ئەوتۆ خزمەتی منداڵەکانیان دەکەن، کە پێشمەرگە دەتوانێ بە خەیاڵی ئاسوودە لە بەرەکانی جەنگ درێژە بە خەبات بدات و کوردستان لە چنگی داگیرکەران بپارێزێت. ئافرەتی کورد ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆش لە پاراستنی خاکەکەی بەشدار نەبووبێت، ئەوا بە ناڕاستەوخۆ بەشدار بووە و ڕۆڵی بەرچاویان لە سەرسەختنی شۆڕش و جەنگەکان گێڕاوە، بۆیە پێویستە هەر کات سوپاس و ستایشی پێشمەرگە کرا، ڕۆڵی هاوسەرەکانیشیان نادیدە نەگیرێت، چونکە ئەوان سەربازی ونن لە سەرسەختنی جەنگەکاندا.»

د. زوبەیدا سەیدساڵح کە پسپۆڕی سیسیۆلۆژییە، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «کۆمەڵگە ناتوانێ بەسەر هیچ کێشەیەکدا زاڵ بێت، یان لە بوارێکدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ئەگەر ڕەگەزی مێ لە ڕووی هزری و فیزیکییەوە لەگەڵ پیاو هاوتەریب نەبێت.» گوتیشی: «ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان خوازیاری بەشداریی کارای هەموو تاکی کۆمەڵگەیە بە ژن و پیاو و پیر و گەنجەوە، چونکە تووشی دوژمنێك بووین، کە بۆ لەناوبردنی تەنیا چەك و سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەس نییە، بەڵکو پێویستە هێز، یان بزاڤێك ڕێکبخرێت، بۆ ئەوەی ڕۆشنبیری و هوشیاریی هەمە چەشن لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە دروست ببێت، بە مەرامی خۆپاراستن و بنبڕکردنی هزری داعش. بو ئەم مەبەستەش ئافرەتان بە حوکمی ئەوەی هەم پەروەردەی نەوەیەکیان لەئەستۆیەو هەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەرفراوانە، چ لەناو خێزان و چ لەدەرەوەی خێزان، دەتوانن ڕۆڵێکی زۆر کارایان بو بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆشنبیرییە هەبێ.

لەلای خۆیەوە سامان عومەر شارەزا لە ئاسایشی نەتەوەیی سەبارەت بەو بابەتە دەڵێت: «دامودەزگەکانی ئاسایش لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان لە سەرەتای سەدەیی بیست، گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییە کە چیتر تەنیا بە ئەوان ئاسایشی دەوڵەت و نەتەوە لە بەرژەوەندیی باڵاو نەتەوەیی دابین ناکرێ، سەرەڕایی هەرچی هێزی ماددی و مەعنەویاتی هەبێت، ئەمەش لە بەر یەك هۆیە، ئەویش هەڕەشە ئەمنیەکانە بە هەرسێ ئاستەکانی ناوخۆ، دەرەوە و جیهانی وەك سیاسی، لەشکری، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئابووری، تیرۆر، تاوانە ڕێکخراوەکان، مادده هۆشبەرەکان و ...هتد، هەمیشە لە زیادبوونن دژی دەوڵەت و نەتەوە، تیرۆریستان و تاوانبارەکان، ماوە ماوە شێوازو هونەرو زانستی تاوانەکانیان گۆڕانکاری لەسەر دەکەن، سوودێکی زۆر گەوەرەش لە بەرەوپێشچوونی جیهان لە هەموو بوارەکاندا دەبینن. ئافرەت وەك تاك کە بەشدارە لەهەموو بوارەکانی ژیان و چالاکییەکان، ستوونی ئاسایشەو هەموو جومگەکان لەخۆدەگرێت. دەرئەنجام نەخشەی دابینکردن و پەرەپێدانی بەرژەوەندی باڵاو نەتەوەیی پێکدەهێنێت، مەرجە ئەم بەشداریە وەك پێویست بێت لەچوارچێوەی ئەو ئەرکەی کە هەیەتی وەك پێویست جێبەجێی بکات. لە هەمان کاتدا دەبێت ئەو بەشە بەرپرسیارییە لەئەستۆی خۆی بگرێت،چونکە ئاسایش بەرپرسیارێتی هەموانە و بۆ دابەشکردن بریتییە لەپێدانی زانیاری و هەواڵگری، ئەمە لەحاڵەتی ئاسایی و نائاسایی، کاتێکیش شەڕ دروست دەبێت، دەوڵەت باری نائاسایی ڕادەگەیەنێت، لەو کاتەدا پێویستە ئافرەت ئەرکی لەشکەری و کادیری ئاسایشی و هەواڵگری ببینێت. تەنانەت زۆرجار ئافرەت بۆ کاری سیخوڕی و شانە نوستووەکان بەکاردەهێنرێت، بۆیە ئافرەت ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینێت لە پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت و بەرژەوەندی نەتەوەیی و بەهاکانی مرۆڤایەتی. بۆیە دەبێت سەرەتا ئافرەت لە باشووری کوردستان لە چەمکی (ئاسایش بەرپرسیاریەتی هەموانە) تێبگات، پاشان بەشە بەرپرسیارەتییەکەی خۆی جێبەجێ بکات.»

گوتیشی: «لەئێستادا باشووری کوردستان وەك نەتەوە و دەوڵەتی جیهانی دەبێ داکۆکی بکات لە چەند خاڵێکی ئاسایشی هەواڵگری کە ئەمانەی خوارەوە بەشێکە لەوانە بۆ ئەوەی هەمیشە ئاسایشی باشووری کوردستان پاراستن بەخۆوە ببینێت:

١. بڵاو کردنەوەی پێگەی ناسنامەی وڵاتپارێزی .

٢. هۆشیاری و مەترسیی ئاسایشی ناوخۆ، دەرەوەو جیهان لەگەڵ نەخشەو پلانەکان .

٣. فێرکردنی هاووڵاتیان لەسەر چۆنیەتی پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان و بەرهەمهێنانی دروست.

٤. دیاریکردنی ئاسایشی سەرتاسەری و خۆپاراستن و هێرشکردن.

٥. پشتیوانیکردن و پلان و بەرنامە بۆ ڕێزگرتن لە سیستەمی گشتی و بەرژەوەندی نەتەوەیی.

٦. ڕێگەگرتن لە پڕوپاگەندەی ڕەش و ئەکتیڤکردنی ڕۆڵی دامودەزگەکانی پەروەردەیی و ڕاگەیاندن لە هۆشیاری ئاسایشی.

٧. چاودێری لە سیخوڕیکردن و لەسەر دژە مافە نەتەوەیی وەك، ئاسایشی لەشکەری، ئابووری و سیاسی و ...هتد.»

# لە پشت سەنگەری پێشمەرگە ئافرەتان، سەنگەری دڵنیایین



ساسان عەونی
بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە کاتی ئاساییدا رۆڵی ئافرەت ئەگەر بە ئەندازەی رۆڵی پیاو کاریگەر بێت، ئەوا ئەم رۆڵە لە کاتی بارودۆخی نائاسایی و هەبوونی شەڕی بەرگری لە وولاتدا مەزنتر و بەرچاوترە.

مێژووی کوردستان، بەتایبەتیش مێژووی سەد ساڵی رابردووی کوردستان، کە مێژووی شۆڕش و بەرەنگاری و بەرخودان و جەنگ بووە لە پێناوی مانەوەدا، لەم شۆڕش و بەرەنگاری و بەرخودانەش بە تەواوی فۆکس لەسەر رۆڵی پیاو بووە وەک تاکە کارەکتەری کاریگەر لە دروستکردنی رووداوەکان، زۆر بە دەگمەن ئەگەر لە چەند شوێنێک هەندێ جار باس لە رۆڵی ئافرەت کرابێت و ئاماژەی پێدرابێت، ئەگەر نا هەموو پاڵەوانی و ئازایی و رۆڵەکە هەر بۆ پیاوان نەخشێنراوە. کە ئەمەش هەم فەرامۆشکردنی رۆڵی کارەکتەرێکی کاریگەری ئەم مێژووەیە و هەم بێ ئینسافیە دەرهەق بە قوربانی و لێوەشاوەیی توخمێکی کاریگەری ئەم ململانێیە کە ئافرەتانن، کە لە راستیشدا مەحاڵە بەرەی هەڵایساوی هیچ شۆڕش و بەرەنگاری و جەنگێک سەرکەوتوو بێت بە بێ هەبوونی بەرەیەکی ئارام و دڵنیا بەخش و وورە بەخش لە دواوە کە ئافرەتان شارەگەزی سەرکەوتن و بەڕێوەچوونی ئەم بەرەیەن.

نووکە، دوو ساڵ زیاترە کوردستان لە بەرەیەکی هەزار کیلۆمەتریدا، بەشدارە لە جەنگێکی جیهانی لەگەڵ دوژمنێک کە رەگەزە تەقلیدیەکانی دوژمن و جەنگ و ململانێی تێدا نییە، بەڵکو داهێنەری شێوازی تازەی کوشتن و کۆمەڵکوژی و تۆقاندن و قەڵاچۆکردن و پاکتاوکردنە، دوژمنێکە دەیەوێت مرۆڤایەتی بەپێی یاساکانی ئەو لە قاڵب بدرێت و جیهان و مێژوو بگەڕێنێتەوە چاخەکانی ناوەڕاست.

لەم جەنگەدا کە هەم لە ماوەی خایاندن و هەم لە مەودای بەرەی زەمینیی رووبەڕووبونەوەیدا درێژ خایەن و دوور مەودا و ناتەقلیدیە، کوردستان، بە قوربانیدان و گیان لەسەر دەستی پێشمەرگەدا رۆژ بە رۆژ خۆڕاگرتر و سەرکەوتووتر بووە و بۆتە جێی شانازی و ستایشی جیهان.

ئەم ئیرادە و خۆڕاگری و قوربانیی دانەی پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگدا، جگە لە خۆشویستنی نیشتمان و سەربەرزی و قبوڵنەکردنی گەڕانەوی کاتژمێری سەربەخۆیی بۆ دواوە، بەرەیەکی ئارامی پڕ میهرەبانی وخۆشەویستی و هاندانی لە دواوەیە کە دایکان و خێزان و خوشک و خۆشەویست و دەزگیرانەکان سەنگەرەکانی ئەم بەرە گرنگەیان گرتووە، بۆیە پێشمەرگە لە کاتی رووبەروو بوونەوەی تۆپ و ئۆتۆمبیلە مینرێژکراوەکان سڵ لە مردن ناکەنەوە.

دیمەنەکانی پێشوازی لە تەرمی دوو برای شەهید، یان تەرمی باوک و کوڕ، یان سێ ئامۆزا بە یەکەوە لەلایەن دایک و خێزان و خوشکەکان بەو وورە بەرزی و بڕوایەوە، ئامادەییان بۆ پێشکەشکردنی جگەرگۆشەی تریش بۆ بەرگری لە کوردستان، دیمەنێکن دەبێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئاماژەی بۆ بکرێت.

بۆیە ئەم رۆڵگێڕانە مەزنەی ئافرەتانی کوردستان لەم بارودۆخی جەنگ و بەرگریەدا، فاکتەرێکی هەرە بەهێزی ئارام راگرتن و سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵگا و خێزان و فاکتەری بەهێزی دڵنیایی و سەرکەوتنی پێشمەرگەیە.

بە هیوای سەرکەوتنی یەکجاری و پاراستنی گیانی پێشمەرگە قارەمانەکانمان.